لاڤە کەریم
یاریزانی باسکەی یانەی دەربەندیخان:

# هیوادارم بتوانین کچان زیاتر بۆ ناو ئەم وەرزشە رابکێشین



یانەی دەربەندیخان تاکە یانەی دەڤەری گەرمیانە کەوا بەردەوام گرنگی بە یارییە وەرزشییەکانی سەر ئاستی کچان دەدات، بەتایبەت لە یاری تۆپی باسکە کە ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتییەکان و یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش لاڤە کەریمە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی قەزای دەربەندیخانە و قوتابیی بەشی یاسایە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی باسکە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرە بۆچی یاریی باسکەت هەڵبژارد؟**

- چونکە هەر لە منداڵییەوە دەستم بەم یارییە کردووە، رۆژ لە دوای رۆژیش خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە زیاتر دەبێت و بۆتە بەشێك لە ژیانم.

*** ئاستی یاریی تۆپی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئاستێکی خراپدایە، چونکە کەمیی ژمارەی یانەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم یارییە زۆر بەرەوپێشەوە نەڕوات.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی لە کوردستان ئاستی یاریی تۆپی باسکە بەرزببێتەوە؟**

- پاڵپشتی دارایی تەواوی یانەکان بکرێت بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە مانەوەی یانەکان، هەروەها گرنگی بە کردنەوەی پاڵەوانێتی بدەن.

*** نەکردنەوەی پاڵەوانێتی تا چەند کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانان بەگشتی هەبووە؟**

- بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کاریگەری



تەواوی لەسەر ئاستی یاریزانان هەیە، هۆکارێکیشە بۆ دوورکەوتنەوەی توانای تەواوی یاریزانان.

*** بۆچی گرنگی بەم یارییە نادرێ؟**

- بەهۆی ئەوەی تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت، بۆیە تا ئێستا ئەم یارییە گرنگیی تەواوی پێ نەدراوە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟**

- بوونی خێزانێکی باش هۆکارە بۆ دروستبوونی یاریزانێك بەتایبەت کچان، هەروەها دابینکردنی هەموو پێداویستییە وەرزشییەکان بۆیان.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- دەستەی کارگێڕی تیپەکەمان پاڵپشتییەکی باشی تیپەکەمانن، لە سەرجەم پاڵەوانیەتییەکان هەمیشە لەگەڵمان بوون و هاوکاریی تەواویان کردووین.

*** هیواو وئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- هیوام ئەوەیە کە بتوانم خزمەتێکی باشی یانەکەم و شارەکەم بکەم، ئاستێکی باشیش لەم یارییە پێشکەش بکەم و بتوانم نموونەیەکی باش بم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- لەگەڵ خوێندنەکەم گرنگیەکی باش بەم یارییە بدەم و بتوانم هاوکاریی یانەکەم بکەم بۆ ئەوەی بتوانین کچان زیاتر رابکێشین بۆ ناو ئەم وەرزشە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بێت؟**

- بێگومان خەونی هەموو یاریزانێکە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ، منیش ئەوە خەونمی گەورەمە کە لەگەڵ دامەزراندنی ئەم هەڵبژاردەیە ببمە یاریزانی تیپەکە.

*** بە چ یاریزانێکی یاری باسکەی جیهانی سەرسامیت؟**

-جیمس هاردن.

*** هیچ گرێبەستێکت لەلایەن یانەکانەوە پێشکەش کراوە؟**

- تا ئێستا ئاستی ئەم یارییە نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە گرێبەست پێشکەش بە یاریزانان بکرێت.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پشتگیری وەرزشی ئافرەتان دەکرێ؟**

- لەچەند ساڵی رابردوو لە کوردستان رێگرییەکی زۆر هەبوو بۆ وەرزشکردن بەتایبەت هی کچان، بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی کوردی گرنگیەکی باش بە وەرزش دەدەن و هەواداری باش و زۆری هەیە.

*** چی بە بەرپرسانی وەرزشیی لە کوردستان دەڵێیت؟**

- لە کوردستان چەندین گەنجی کارامە و بەتوانا هەیە، هیوادارین بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان هاوکاربن بۆ دەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی توانای یاریزانان.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**


- سوپاسی خێزانەکەم و راهێنەرە دڵسۆزەکەم دەکەم کە هەردەم پاڵپشت و پشتگیری تەواوم بوون و هەمیشە دەستیان گرتووم بۆ سەرکەوتنی زیاتر، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە هەردەم خزمەتی وەرزشکارانیان کردووە لە شارەکانی کوردستان.



# پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی عێراقە

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی شەترەنج بۆ ئاستەکانی تەمەن، یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراقی بە بەشداری ١١یانەی شارەکانی عێراقی پاڵەوانیەتی شەترەنجی یانەکانی عێراقی بۆ ئاستی تەمەن ژێر بیست ساڵ لە شاری بەغدا لە هۆڵی ئەنتەر، یارییەکانی بە سیستەمی سویسری بە حەوت گەڕ ئەنجامدا، لەم پاڵەوانیەتییەش کە یانەکانی بەشداربوو کێبڕکێ و ململانێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و بوون بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی ئاسیاو وڵاتانی عەرەبی، لەم پاڵەوانیەتییەش یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان هەریەك لە پێشمەرگەی سلێمانی و خانزاد توانییان بە ئاست و بە ئەنجام لە پاڵەوانیەتییەکە ئاستی بەرزی خۆیان پێشکەش بکەن و ئەوەش بسەلمێنن کە وەرزشی شەترەنج لە شارەکانی کوردستان گرنگییەکی یەکجار زۆری پێدەدرێت و وەرزشوانانی شارەکانی کوردستان لە ئاستی ئەوەن کە نوێنەرایەتی عێراق بکەن لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی کوردستان، لە کێبڕکێیەکانی رۆژانی پاڵەوانیەتییەکەش یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای کێبڕکێیەکی بەهێز لەگەڵ یاریزانانی یانەی خانزاد، توانییان نازناوی خولەکە بەدەست بهێنن، هەریەك لە یاریزانانی یانەکانی خانزاد و ئیتسالاتیش شان بە شانی یانەی پێشمەرگە بوونە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و لە پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیا و عەرەبی بەشداری دەکەن، زافر عەبدول ئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراقیش ئاماژەی بەوەدا کەوا بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەلایەن یانەکانی کوردستان بەڵگەی ئەوەیە کەوا بەردەوامی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان رێگری نەکردووە لە وەرزشکاران بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەکانیان، لە کۆتاییشدا لەلایەن ئامادەبووانی بەشداربوو خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا. ئەنجامەکانیش بەمجۆرە بوو:

١-پێشمەرگەی سلێمانی ١٠ خاڵ
٢-خانزاد ٨ خاڵ
٣-ئیتسالات ٦ خاڵ





# کوردێک بڕوانامەی A راهێنەریی بەدەستهێنا

چەندین کوردی دانیشتووی تاراوگە کە ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتانی ئەوروپا ژیان بەسەر دەبەن بە ئامانجی ئەوەن بتوانن لە داهاتوودا لە بوارێکی جیاواز بەشداریی کێبڕکێیەك، یان خود پاڵەوانیەتییەك بکەن بە ناوی کوردستان، محەممەد نەجات گەردی یەکێك لە وەرزشکارەکانی شاری هەولێرە کە ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی نەمسا دەژیت و وەکو هەموو کوردێك هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی خوی لە بواری راهێنەری پێشبخات، دواجار توانی وەکو تاکە کوردێك بڕوانامەی بەرزی راهێنەری لە وڵاتی سویسرا بەدەست بهێنێ، لەم بارەشەوە محەممەد نەجات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ماوەی شەش مانگ لە خولێکی راهێنەری بە سەرپەرشتی فیفا بەشداریم کرد و توانیم وەکو تاکە کوردی بەشداربوو سەرکەوتوو بم، لە کۆی زیاتر لە سەد بەشداربووی وڵاتانی جیهان توانیم یەکێك بم لە سەرکەوتووەکانی خولەکە و بڕوانامەی ئەی بەرزی راهێنەریم بەدەستهێنا، کە ئەوەش بۆمن شانازییەکی گەورەیە وەکو تاکە کوردێك کە بەشداریی گەورەترین خول بکەم و بە سەرکەوتوویش خولەکە تەواو بکەم و ببمە خاوەن بڕوانامە کە ئێستا دەتوانم زۆر تیپی گەورە بەرێوە ببەم.» لەبارەی وێستگەی داهاتووشی وەکو کوردێك کە ئایا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، یان بەردەوام دەبێ لە دەرەوەی کوردستان، محەممەد کە لەدایکبووی شاری هەولێرە گوتی: «بۆمن شانازییە کە خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم، بەڵام من ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی نەمسا ژیان بەسەر دەبەم و لە چەندین یانەی وڵاتی سویسرا مەشقم بە تیپی لاوان داوە، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەم تیپێکی گەورە وەربگرم و بتوانم لەوێش جێگای دەستم دیار بێت و راهێنەرێکی سەرکەوتوو بم.



# سەرهەنگ موحسین داواکراوە

یاریزانانی یانەی هەولێر و شاری هەولێر هەمیشە جێگای چاوتێبڕان بوون لەلایەن یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی، بگرە ئێستا یاریزانانی شاری هەولێر قۆناخێکی تریان بڕیوە لەلایەن یانەکانی دەرەوەی وڵات چاویان لە سەرە و یەکێك لەم وەرزشکارانە سەرهەنگ موحسینی گۆڵپارێزی یانەی هەولێر و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراقە کە لە لایەن یانەیەکی شاری بەغدا و دوو یانەی سعودی داوا کراوە، لەم بارەشەوە سەرهەنگ موحسین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەلایەن بەرپرسێکی یانەی وەرزشیی تەلەبەی شاری بەغدا پەیوەندیم پێوە کرا بۆ ئەوەی بتوانم وەرزی نوێ خولی عێراقی لەگەڵ ئەوان گرێبەست بکەم، ئاماژەشیان بەوە کردووە کەوا ئێستا یانەی تەلەبە باری دارایی باشتر بووە لە جاران و مۆڵەتی بیرکردنەوەشیان پێم داوە، بەڵام من بەردەوامم لەگەڵ یانەی هەولێر، چونکە یانەکەم سەرقاڵی یارییەکانی پاڵاوتنە بۆ سەرکەوتن بۆ خولی عێراقی.» گوتیشی: «لە خولی سعودیش دوو گرێبەست بوو لە دوو لای جیاواز، ئەو کاتەی لە هەولێر بووین گەشتمان نەکردبوو بۆ شاری بەغدا بۆ یارییە دۆستانەکان بۆ ئامادە کردن بۆ خولی پلە یەك، بەرپرسی کارەکانی من کە کاتی خۆی گرێبەستی من و یانەی شورتەی تەواو کرد لە وەرزی پار، هەر بە هەماهەنگی لەگەڵ بزنسمانێکی سووری هەوڵیاندا من بچمە خولی پلە یەکی سعودی، ئەوان زانیبوویان کە هەولێر بەشداری خولی عێراقی نەکردووە و پاشەکشەی کردووە، ئەوە بووە کێشە بۆ من کە لە رێگای بەڕێوەبەری کارەکانم بۆم هاتبوو، هەرچەندە ئەو قسەی لەگەڵ کردبوون کە من لەگەڵ یانەکە بەردەوامم و لە خولی کوردستان و یارییە دۆستانەکان یاریم کردووە، هەر ئەوەش بوو کە ئەو گرێبەست سەری نەگرێت و سەرباری ئەوەش هێشتا من وەڵامی ئەوانم نەدابووەوە کە رازیم، یان رازی نیم، ئەو کارانەش لە نێوان هەردوو بەڕێوەبەری کارەکانی من و سوورییەکە بووە، گرێبەستێکی تریش هەر لە سعودیە هاتبوو، بەڵام وەك دەزانن کە یانەی وەرزشی هەولێر لە خۆئامادەکردندایە بۆ گەڕانەوە بۆ خولی پلە نایابی عێراقی، بۆیە بە زەحمەتی دەبینم ئێستا بڕیاری خێرا بدەم، دەمەوێ لەگەڵ هەولێر بم و هەولێریش نیازی گەڕانەوەی هەیە بۆ خولی نایابی عێراقی.»



## یاریزانێکی ڤینزویلا پەیوەندی بە نیوکاسیل کرد

ئەستێرەی یانەی وێست برۆمێتچ ئەلبیۆن و هەڵبژاردەی ڤەنزویلا (سۆلمۆن رۆندۆن) پەیوەندی بە یانەی نیوکاسیل کرد بۆ ماوەی یەك وەرز بەشێوەی خواستن.

ئەمە شەشەم یاریزانە پەیوەندی بە یانەی نیوکاسیل دەکات لە وەرزی ئەمساڵدا.

رۆندۆن خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لە پەیوەندیکردن بە یانەی نیوکاسیل و گوتی: یانەی نیوکاسیل یانەیەکی گەورەیە لە ئینگلتەرە و هەموو شتێك دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ یانەکەم سەرکەوتووبم.

## بەڕێوەبەری کارەکانی بۆفۆن نهێنییەکی چوونی رۆناڵدۆ بۆ یۆڤانتۆس ئاشکرا کرد

سیلفانۆ مارتینا بەڕێوەبەری کارەکانی گۆڵپارێزی ئیتاڵی بۆفۆن نهێنی چوونی رۆناڵدۆ لە یانەی ریال مەدرید بۆ یۆڤانتۆس ئاشکرا کرد.

لە لێدوانێکیدا مارتینا گوتی: جیانلویجی بۆفۆن ماوەیەکی زۆرە دەزانێت، کە رۆناڵدۆ بەفەرمی پەیوەندی




## بەهرەمەندێکی ئایسلندی چووە یانەی ریال مەدرید

یاریزان ئەندریە لۆکاس کوری ئەستێرەی پێشووی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی بەرشلۆنە (ئیدۆر گۆدیانسۆن) پەیوەندی بە تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی ریال مەدرید کرد.

یانەی شاهانە هەوڵ دەدات گشت ئەستێرە بەهرەمەندەکانی جیهان پەلکێشی تیپەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان بکات.

ئەندریە لۆکاس تەمەن (١٦) ساڵ لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی ئایسلندە و یانەی ئیسپانیۆل یاری دەکرد.

## مەسعود ئۆزێل هیواداره لە سعودیەک فێر بێت

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئەرسناڵ مەسعود ئۆزێل پیرۆزبایی خۆی لە پاڵەوانی جیهان لە یاری (fifa٢٠١٨) مساعد دۆسری سعودی کرد، کە هەفتەی رابردوو بۆوە پاڵەوانی جیهان لەم یارییە.

لە تویتێکیدا مەسعود ئۆزێل گوتی: پیرۆزە بردنەوەی جامی جیهانی، پیرۆزە مساعد دۆسری ئومێدم هەبوو رووبەروو پیرۆزبایت لێبکەم و جامەکەت بە دەستی خۆم پێبدەم، ئۆمێد دەکەم رۆژێك لە رۆژان شێوازی یاریکردن لێ فێربم و هەست بەخۆشی بەدەستهێنانی ئەم نازناوە بکەم.

مساعد دۆسری هەفتەی رابردوو لە بەریتانیا بووە پاڵەوانی جامی جیهانی (fifa٢٠١٨) لە هەردوو یاری (پلای ستێشن) و (ئێکس بۆکس) دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە یاریزانی بەلژیکی بەئەنجامی (٤-٠) بردەوە لە چوون و هاتن.



بە یانەی یۆڤانتۆس دەکات و کاتێك لە هەواڵەکان دەنگۆی رۆیشتنی رۆناڵدۆ هەبوو، بۆفۆن دڵنیابوو لە پەیوەندیکردنی بە یانەی ریال مەدرید.

سەبارەت بە رۆژەکانی بۆفۆن لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان و ئایا هیچ هیوایەك هەیە لە گەرانەوەی بۆ یانەی یۆڤانتۆس مارتینا گوتی:دریسی یۆڤانتۆسی زۆر خۆش دەویست و هیواداره قەد رووبەرووی یانەی یۆڤانتۆس نەبێتەوە، چونکە دەبێتە ناخ هەژێن بۆی، سەبارەت بە گەرانەوەی بۆ یۆڤانتۆس ئەمە نازانم، بەڵام دڵنیام، کە پاریس سان جێرمان رێگە نادات یانەکە بەجێبهێڵێت بەئاسانی.

جێگەی باسە لەسەرەتای وەرزی ئەمساڵ بۆفۆن پەیوەندی بە یانەی پاریس سان جێرمان کرد.